ROJî GEl , Weekly Newspapper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK




# بەیانی درەنگە!

کورد بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی، بەدرێژایی مێژوو جگە لەوەی ململانێی لەگەل دوژمنانی هەبووە، رکابەری و ململانێی ناوەخۆش گورزی کاریگەری لێداوە. زۆر جاران ناکۆکیە نێوەخۆییەکان گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە ئارمانجی سەرەکی لەبیر ببەنەوە.

دوژمنانی کورد ئومێدی زۆریان لەسەر ئەو ناکۆکیانەی نێوەخۆی کورد هەڵچنیوە و کاریشیان لەسەر کردووە. لە عێراقی نوێشدا سەرکردایەتی کورد چارەسەری ریشەیی بۆ کێشەکەی وەلا ناوەو لەبەرامبەردا پێشنیاز بۆ چارەسەرێکی میانڕەو دەکات، ئەمەش وادەکات کە مالکی یان هەر بەرپرسێکی دیکەی عەرەب هەوڵ بۆ دووبارە دەستەمۆکردنەوەی گەلی کورد بدات، بەڵام **چەقینەوەی** ئەمجارەی کورد لە خانەقین، دووپات دەکاتەوە کە ئەگەر جیاوازی رامان و لێکدانەوەیش هەبێ و لایەنەکان لە تاکتیک و هەڵوێستی رۆژانەشدا وەک یەک نەبن، بەڵام لە بەرانبەر هەڕەشەی دەرەکیدا هاوئامانجن، ئەمەش یەکڕیزی و تەبایی لایەنەکان دەسەلمێنێ و دوژمن ناچار دەکات پێوانە بۆ کورد بکات، لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەرچی دەنگی نارەزایەتی خەڵک و گلەیی لەکەموکوورِیەکان دەبیسترێ، بەڵام ئامادەیشە لەبەرامبەر دەست درێژیەکانی دوژمنان وەدەنگ بێت و هەڵوێستی جوامێرانەش وەربگرێ. ئەوەتا پۆل پۆل خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژو نەتەوە جیاوازەکانیەوە سەردانی شارۆچکەی خانەقین و سەرکردە مەیدانیەکان دەکەن و دەستخۆشی و پشتیوانی لەو چەقینەوەیە دەکەن.

بڕیاری ئەمجارەی سەرکردایەتی کورد حەکیمانەیە، کاتێک دەڵێ: 'نەوەدو نۆ دەرگامان بۆ گفتوگۆ هەیە و تەنها یەک دەرگاشمان بۆ شەڕ هەیەو ئەو دەرگایەش ئەوان کردوویانەتەوە'

لێرەدا بۆ هەمووان دەردەکەوێ کە کورد هەمیشە ویستویەتی بەگفتوگۆو دانوساندن کێشەکان چارەسەر بکات، بەڵام بەرامبەرەکەمان هەمیشە گفتوگۆکانی بەنیوەچڵی بەجێهێشتووە تا ئەو کاتەی خۆی رێکخستۆتەوە، هەر کاتێک هێزێکی لەپشت خۆیەوە بینیبێ، بەهانەی جیاجیای دۆزیوەتەوەو پشتی لە بەڵێنەکان کردووەو تاکە دەرگاکەی شەڕی هەڵبژاردووە.

هەرچەندە کە کردنەوەی دەگای شەر لە ئێستادا بۆ ئەوان ئاسان نیە، چونکە لەلایەکەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەیی هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە هێزی دوژمن توانای لەسەر پێ راوەستانی نیە، چونکە هێزێکی پەرش و بڵاوەو بە پارە ئامادە کراوە!

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە نابێ ئێمە پێمان وابێ کە مادام هێزی ئێمە لە هی ئەوان باڵاترە، ئیتر ئەوان تەنها دەرگاکە ناکەنەوەو شەڕ هەڵنابژێرن، چونکە هەر کاتێک بەرژەوەندیەکانی ئەوان و زلهێزەکان بەریەک کەوتن، دەرگاکانی دیکە دادەخرێن. بۆیە بۆ ئێمە وا باشترە هەر لە ئێستاوە دەرگایەک بۆ خۆمان بکەینەوە.

ئەگەر دوێنێ ئەوەمان نەکردبێ، ئەوە ئەمڕۆ باشترین وەختە کە پێداگری لەسەر داواکانمان بکەین و بڕیار لە چارەنووسی خۆمان بدەین، نەوەک دوایی بەیانی درەنگ بکەوێ!

**سەرنووسەر دەینووسێ**

# شەهریبان: لە رێگەی گۆرانیەوە ئازارەکانی گەلەکەم پێشان دەدەم



**شەهریبانا کوردی**، سترانبێژی ناسراوی گەلەکەمان لە هەڤپەیڤینەکانی خۆیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە رێگەی گۆرانی و مۆزیکەوە ئێش و ئازارەکانی گەلی کوردستان پێشانی جیهان دەدات.

شەهریبان ساڵی ١٩٧٠ هاتۆتە دنیاوەو لە شاری ئیزمیردا لە نێو خێزانێکی زۆر ئەندامدا گەورەبووە، وەک خۆی دەڵێ: 'ئێمە شەش کچ و سێ کوڕ بووین، باوکم کارمەندێکی دەوڵەت بوو، بەوهۆیەوە پەڕیوەی شاری ئیزمیر ببووین، راستیەکەی من لە گوندی خۆرسێی سەر بە شاری گرێ سۆر (قزل تەپە) چاوم بۆ ژیان کردۆتەوە، ئەو ناوچەیەش لە رووی هونەرو رۆشنبیریەوە زۆر دەوڵەمەندە'

شەهریبانا کوردی دەڵێ: 'من دەتوانم لە تێکۆشانی ئازادی گەلەکەمدا ببمە ئاوازو دەنگی گەلەکەم، بۆ ئەوەی لە رێگەی گۆرانیەوە بۆ گەل و نیشتمانەکەم تێبکۆشم، زۆر سەفرازم'

شەهریبان ساڵی ١٩٨٣ کە هێشتا تەمەنی ١٣ ساڵان بووە لە کێبەرکێی مۆزیکی شاری ئیزمیردا بەیەکەم دەرچووە، کێبەرکێکەش لەلایەن دامەزراوەی ( Turk Halk Müziki) مۆزیکی گەلی تورک بەڕێوەچوبوو، بەهۆیەشەوە سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیدا راکێشابوو، خەڵاتی یەکەمیشی وەدەستهێنابوو. ئەو گۆرانیەی کە شەهریبانا کوردی چڕی بووی و پلەی یەکەمی وەرگرتبوو بە ناوی( ئەو کاتەی من هاتمە ژیان، من گریاوم) بوو، هەڵبەت گۆرانیەکەش بە تورکی گوتراوە.

شەهیربانا کوردی لە رەوشی مۆزیکی کوردی نیگەرانەو پێیوایە کە هەرچی هەڵدەستێ گۆرانی دەسترێ، هەر کەسەو بە شان و باڵی بەرهەمەکەی خۆی هەڵدەداو دەڵێ؛ بەرهەمی باشترین هی منە! و مۆزیکی من، مۆزیکی مۆدێرنی کوردیە!

شەهریبان جەخت دەکاتەوە کە بە پلەی سەرەکی و یەکەمین بە گۆرانیبێژان محەمەد شێخۆو شوان پەروەرو تەحسین تەها سەرسامەو حەز بە بەرهەمەکانی ئەوان دەکات.

**شەهریبان** دووپاتی دەکاتەوە کە زمان هەبوونی گەلانە، بەوهۆیەشەوە دەخوازێ کە سترانبێژو هۆزانڤانان وردبینی لە رێزماندا بکەن و بە شارەزایی بەکاری بهێنن.

شەهریبان یەکێک لەو گۆرانیبێژانەیە کە حەز ناکات بەرهەمی زۆرو بۆری هەبێ و پەلە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیدا بکات، ئەو دوای حەوت ساڵ ئەوسا ئەلبومی ئەڤینی سترانی خستە بازاڕەوە. هەروەها شەهریبان بە نیازە لە رێگەی دامەزراوەیەکی باشی مۆزیکیەوە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا کۆنسێرت پێکبهێنێ و بۆ کوردستانیان بسترێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەلەی تێدا ناکات.

**ئارام دەربەندی**

# یاخی تر لە با، تەڕتر لە باران



**دڵشاد عومەر کاکیی**

تــۆبە هەنسکەکانی خۆتەوەو..
منیش بە مشتێکی تورە..گوڵدانی
حەسرەت..دەشکێنم
ئاوێنەی بەخت بە تیلەی چاوێک..
ووردو خاش دەکەم .
هەربەو رۆحەناسکەی تۆوە..دەنازم
شمشێرێک لە بەرائەتی تۆ،هەڵدەگرم
بەمۆمی چاوەکانتەوە..
بەنێوشـەوە قەترانیەکاندا..
بە کۆڵانەکانی گۆماوی خوێندا..
بەسەرداروو پەردووی..ئابڕودا ، تێدەپەڕم
دەستم ئەدەمە دەستی (بــــــا )
یاخـی تر لەبـا
سنگم لە بەردیش دەنێم.
لەسوتماک..لە کڵپە چاو
سوورەکانیش..ناترسم
بەفرمێسکە تەڕەکانی تۆ..
سوێندم خواردووە .. کە
تەڕترن لەباران

# عەدنانی سترانبێژ، ئەڤینی قەدەغە بڵاو دەکاتەوە




لەم دواییانەدا یەکەمین بەرهەمی عەدنان هەیدۆی سترانبێژ کە لە ماوەی دوو ساڵدا کاری لەسەر کراوە، کەوتە بازاڕە، هەشت تراکتی لەخۆی گرتووە. ژەنیارانی وەک محەمەد خەلۆ، لەزگین خالیدو شیار ئاگری کاری مۆزیکیان بۆ ئەنجام داوە. هەروەها هونەرمەندان زوبێر سالح و جەمیل تیرێژ و هەڵبەستڤان خەبات شاکر هاوکاریان لەگەڵ دا کردووە.

عەدنانی هونەرمەند سەبارەت بە یەکەمین بەرهەمی خۆی دەڵێ: 'لە تۆمارکردن و بەرهەمهێنانی ئەم بەرهەمەدا هەندێک کۆمەڵەی کوردی لە ئەڵمانیا هاوکاریان لەگەڵدا کردووم، بەتایبەتیش کۆمەڵەی چاندی میدیا وفیدراسیۆنی کۆمەڵەکانی یەزیدیەکان'

جێگەی ئاماژەیە کە عەدنان هەیدۆ ساڵی ١٩٧٨ لە گوندی دوگری سەر بە شاری عامودێی رۆژئاوای کوردستاندا چاوی بۆ ژیان کردۆتەوەو لەوێش گەورەبووە، دواتر رووی کردۆتە ولاتی یۆنانستان و شەش ساڵ لەوێ ژیاوە، پاشان بە دوای ژیانێکی باشدا گەڕاوەو چۆتە ولاتی ئەڵمانیاو تێیدا نیشتەجێ بووە. ناوبراو ساڵی ١٩٩٨ وەک هونەرمەندێکی شانۆیی بەرەو دنیای هورنەر رێگەی گرتووە، دوایی دەستی بە گۆرانی گوتن کردووەو تا ئێستاش بەردەوامە.

عەدنانی سترانبێژ بە هونەرمەندانی وەک گەرەبێتێ خاچۆ، تەحسین تەها، محەمەد شێخۆ، دلگەش و خەلیل خەمگین سەرسامەو کاریگەری ئەوان بەسەر بەرهەمەکانیەوە دیارە، وەک خۆی گوتویەتی کە رۆژانە گوی لە گۆرانیەکانی خەلیل خەمگین دەگرێ.

**سەگڤان**

# بۆنی سێو روو لە هامبۆرگ دەکات

پاڵەوانی فیلمی کوردی (بۆنی سێو)، رۆژی پێنجشەممەی رابردوو ئاشکرای کردوە کە فیلمەکەیان لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵی هامبۆرگی نێودەوڵەتی بۆ فیلمی سینەمایی، بەمەبەستی بەشداریکردن لەپێشبڕکێی خەڵاتەکان، هەڵبژێردراوە.

هونەرمەند **شوان عەتوف** بەئاژانسی دەنگەکانی عێراقی راگەیاندووە کە "لیژنەی سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵی هامبۆرگی نێودەوڵەتی ئاگاداریان کردوینەتەوە کە فیلمەکەمان یەکێک لەفیلمە هەڵبژێردراوەکانە بۆ بەشداریکردن لەپێشبڕکێی خەڵاتەکان"، روونیشیکردەوە "بڕیارە فیلمەکە لەیەکێک لەرۆژەکانی فیستیڤاڵی ناوبراودا نمایش بکرێت.

بۆنی سێو فیلمێکی هاوبەشی ئەڵمانی کوردییەو لەسیناریۆو دەرهێنانی رێڤین عەسافە لەدیدێکی رخنەییەوە، باس لەکێشە سیاسیی و فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتییەکانی شاری هەڵەبجە دەکاتت.

جێگەی ئاماژەیە کە ڤێستیڤاڵی هاومبۆرگی نێودەوڵەتی لە رۆژانی ٢٥-٩-٢٠٠٨ تا ٢-١٠-٢٠٠٨ لە شاری هامبۆرگی وڵاتی ئەڵمانیادا بەڕێوەدەچێ، چەندین فیلمی جۆراوجۆر بەشداری تێدا دەکەن. بەوبۆنەیەوە هەفتەنامەی رۆژی گەل هیواخوازە کە فیلمەکە سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنێ.

# CDکوردی لە ئیسرائیل پەخش دەبێ




لە وڵاتی ئیسرائیل دا **سی دی**یێک بۆ ئاشتی و برایەتی بە کوردی بڵاو دەبێتەوە.

بۆ بەرهەمهێنانی ئەم سێ دیە دە ژەنیار بەشداریان تێدا کردووە.

ئەم سێ دیە لەلایەن کۆمپانیای شالومەوە بەرهەم هاتووە، هونەرمەندی کورد بەشیر سەبری بۆتانی و گالی شاخام بە دەنگ بەشداریان تێداکردووە.

هونەرمەندی جو، رۆنێن سورچی هاوکاری کردووە، هەروەها هونەرمەند یۆنی شاخام بە زوڕناو بلور بەشداری تێدا کردووە.

پەیڤ و ئاوازەکانی ئەو بەرهەمەش هی بەشیر سەبری بۆتانیە کە بریتین لە راستی خەونە، شالوم، جوو عەرەب و دورز برانە.

رۆژی گەل، هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتیە، ژمارە (216 ) یەکشەممە 2008-9-14

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com